# نووسینی سەر ئۆتۆمبێل و بارهەڵگرەکان خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت

**هەموو کۆمەڵگەیەك لە پێکهاتەی جیاواز و چین و توێژی جۆراوجۆر پێکهاتووە و تاکیش لە روانگەی تایبەت بە خۆیەوە سەیری دەوروبەری دەکات و جۆری پەیوەندییەکانیشی رێکدەخات. بێگومان ئاستی رۆشنبیریی تاك کاردانەوەی لە سەر مامەڵەی رۆژانەی لەگەڵ خێزان و کۆمەڵگە دەبێت و هەندێکجاریش حاڵەتی جێی سەرسوڕمان دروست دەبێت. ماوەیەکە نووسینی سەر ئۆتۆمبێل و بارهەڵگرەکان لە کۆمەڵگەی خۆماندا بووەتە شتێکی باو و خەریکە لە حاڵەت دەردەچێت و دەبێتە دیاردە، هەندێك لەو نووسینانەش جێگەی سەرسوڕمانی هاووڵاتییانەو خوێندنەوەی جیاوازیشیان بۆ ئەو دیاردەیە هەیە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

«بەو رۆژگارە لە سبەی تا بانگی شێوان کار دەکەم، شتێکی وام دەست ناکەوێت، لە شەرمەزاریی خێزان و منداڵ دەر بێم، کەچی کۆمپانیای مۆبایل بە مەلایین دیناریان بە چرکە دەست دەکەوێت و نرخەکەشی لەو خەڵکەی گران دەکەن.» ئەوە قسەی (شێروان محەمەد) بوو. وەك خۆی باسیکرد، تەمەنی ٣٤ساڵە و خێزاندارە و باوکی سێ منداڵە و دانیشتووی کۆمەڵگەی دارەتووی هەولێری پایتەختە. ئەو بارهەڵگرێکی بچووکی سێ تایەی هەیە و بە جوانی رازاندوویەتەوە و لە پشتەکەشی بە خەتێکی جوان و گەورە نووسراوە: «لە وڵاتێکدا دەژیم، کە کارتی (٥٠٠٠)ی بە (٦٠٠٠) دینارە!»

کاتێك پەیامنێری گوڵان پرسیاری لێ دەکات، بۆچی ئەوەت نووسیوە و ئایا هیچ کاریگەرییەکی لە سەر جێبەجێکردنی خواست و ئامانجەکەتدا هەبووە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: «هەر بۆ زەوقی خۆم ئەوەم نووسیوە و کەسیش بەرۆکی نەگرتووم، بڵێ ئەوە چییە، بۆ نووسیوتە؟ بە پێچەوانەوە زۆر کەس دەستخۆشیم لێ دەکەن بۆ ئەوەی لەسەر عەرەبانەکەم نووسیومە.»

شێروان ئەوەشی ئاشکرا کرد کە جگە لەوەی هەر بەو ماتۆڕە بارهەڵگرەی کەلوپەلی ناوماڵ دەگوازێتەوە، بەڵکو کاری کڕین و فرۆشتنی کەلوپەلی ناوماڵیش دەکات و بەوانە بژێوی رۆژانەی خێزانەکەی دابین دەکات.

سەدان هاووڵاتی وەك شێروان، شتی جۆراوجۆریان لە سەر ئۆتۆمبێلی تایبەت و تاکسی و بارهەڵگرەکانی خۆیان نووسیوە، شتی زۆر سەیر و سەمەرەشی تێدایە، وەك: «بیری کەرێك دەکەم، بە دوو پێ دەڕوات»، «شێخم لە خەسووم نەمایە»، «بەخۆت مەنازە چاوپان»، خۆت بسووتێنی، خۆت تێ ناگەیەنم»، لە بیرم چوو لەبیرت کەم»، «چاوپیس لێم گەڕێ با ئیشێ بکەم»، لێمدەی پێت چاك دەکەمەوە»، تەنانەت داوای ژن کردنیشی تێدایە و نووسراوە: «تاکەی بێ ژن بم؟» هەندێکیان بۆ نموونە تەنانەت بەڵێنی کوشتنی زەلام دەدەن، وەك: «خۆشم دەوێی هەناسەکەم، لە قاپ شووشتن هەتا زەلامکوشتن لەگەڵتم»، ئەمانە و دەیان جۆرە نووسینی دیکەی تێدایە کە بۆ بڵاوکردنەوە ناشێن، هاووڵاتیانیش



خوێندنـەوەی خۆیـان بـۆ ئـەو کارانـە هەیـە.

راگەیاندنـکار سـەرکار مەولـوود، لـەو بارەیـەوە رایوایـە: «ئـەو کەسـانە دوو بەشـن، بەشـێکیان کۆمیدیایـە و بـۆ خۆشـییە و بەشێکیشـیان راسـتەقینەیە و ناخـی مرۆڤەکەیـە کـە رووداوێکـی بەسـەرهاتووەو تێیـدا سـەرکەوتوو نەبـووە.» هـاوکات دەڵێـت: «ئـەو جـۆرە نووسـینانە تەعبیـر لـە نـاخ و هەسـتی خاوەنـی ئۆتۆمبێلەکـە دەکات، بێگومـان هەندێکیـان هـەر بـۆ خۆشـییە و هەندێکیشـیان تووشـی دارمانـی رۆحـی بـوون و بەشـێك لـە ئـازاری ناخیـان دەخەنـەڕوو. هەروەها بێکاری و هەژاری و نەداری و کەمداهاتبوون زۆر جار وادەکات ئەو کەسانە پەنا بۆ نووسینێك ببەن و ئازاری خۆیانـی پـێ دەرببـڕن. هەیـە لـە پەیوەنـدی سـۆزداری تووشـی شکسـت بـووە، بـۆ نموونـە کوڕێـك پەیوەنـدی خۆشەویسـتی لەگـەڵ کچێـك هەیـە، بـەڵام رێگـری لـە بـە یەکگەیشـتنیان دەکرێـت، ناچـار ناخـی خـۆی لـە چەنـد وشـەیەکدا کۆدەکاتـەوە و لەسـەر ئۆتۆمبێلەکـەی دەینووسـێ، بەداخـەوە هەنـدێ لـەو نووسـینانە دوورن لـە بەهـای ئەخلاقـی و سـووکایەتی بـە مـرۆڤ دەکات، بۆیـە پێویسـتە لایەنـی پەیوەندیـدار رێگـری لـێ بـکات. بـۆ نموونـە شـوفێرێکی تەکسـی لـە دواوی جامەکـەی نووسـیویەتی: «بیـری کەرێـك دەکـەم، بـە دوو پـێ دەڕوات.» ئـەم نووسـینە نـەك پێشـێلکاریی کاری پیشـەییە و تاکسـی شـتێکی تایبـەت و شەخسـی نییـە، بەڵکـو ئـەو پـەڕی سـووکایەتییە بـە گەورەیـی مـرۆڤ، چونکـە خـودای گـەورە دەفەرمـوێ (وَلَقَـدْ كَرَّمْنَـا بَنِـي آدَمَ) واتـە ئێمـە رێزمـان لـە نەوەکانـی ئـادەم گرتـووە. بۆیـە دەکـرێ بپرسـین: بـە چ حـەق و یاسـایەك ئـەم شـوفێرە ئـەم سـووکایەتییەی نووسـیوە؟ لەگـەڵ ئەوەشدا هەندێك حاڵـەت هەیـە، تەنیا کۆمیدیایـە و بـۆ خۆشـییە و سووکایەتیشـی تێـدا نییـە.»

نیـاز محەمـەد، کۆمەڵناسـی پزیشـکییە و سـەبارت بـە هەمـان پـرس دەڵێـت: «دیـاردەی نووسـینی هۆنـراوە و پەنـد لەسـەر دیـوی دەرەوەی پـاس و ئۆتۆمۆبێلـەکان گوزارشـتە لـە هەسـت و سـۆزی خاوەنەکانیـان و بێگومـان بوونـی هـەر دیاردەیەکیـش لەنـاو کۆمەڵگـەدا فاکتـەری خـۆی هەیـە، ئـەو دیاردەیـەش کۆمەڵـێ فاکتـەری لەپشـتەوەیە لەوانە: کۆمەڵگـەی کـوردی کۆمەڵگەیەکی سۆزدارییە و لە ساڵەکانی سەرەتای منداڵی رێژەیەکی زۆر لـە سـۆز و خۆشەویسـتی دەبەخشـنە منداڵەکانیـان، بـەڵام کـە گـەورە دەبـن ئـەو پەیوەندییـە کەمتـر دەبێتـەوە، بەتایبەتـی لەگـەڵ کوڕانـدا، بۆیـە ئەوانیـش بـەو جـۆرە گوزارشـت لـە هەسـت و سـۆزیان دەکـەن. فاکتەرێکـی دیکـە ئەوەیـە زیاتـر شـۆفێری هـەرزەکار ئـەم رەفتارانـە دەکات، هۆکارەکەشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ قووڵبوونـەوەی هەسـت و سـۆزەکانی لەسـەر رەگـەزی بەرامبـەر، بۆیـە بـە زیادەڕۆییـەوە گوزارشـتی لـێ دەکات. فاکتەرێکـی دیکـە دووری و سـنووردارbوونی پەیوەندیـی نێـوان دوو رەگەزەکەیـە کـە ناتوانـن بـە ئاشـکراو لـە بەرچـاوی هەمووانـەوە پەیوەنـدی بگـرن، بۆیـە بـەم جـۆرە گشـتگیرە دەیانـەوێ بـاس لـە هەسـت و سـۆزیان بکـەن. فاکتەرێکـی دیکـەش ئەوەیـە کـە کۆمەڵگـەی کـوردی لـە پرۆسـەی پـەروەردەدا رێگـە نـادات، یـان فێـری منداڵانـی نـاکات، هەتـا بتوانـن بـە ئاسـانی گوزارشـت لـە خۆیـان بکـەن. بۆیـە کـە گـەورەش بـوون، هـەوڵ دەدەن بـە ناڕاسـتەوخۆ هەسـتی خۆیـان دەربـبڕن.»

هێمـن سـاڵح توێـژەری کۆمەڵایەتییـە و رایوایـە «هـۆکاری سـەرەکیی ئـەو دیاردەیـە پەیوەنـدی بـە دواکەوتوویـی کۆمەڵایەتییـەوە هەیـە، بەشێکیشـی تەقلیـدە و سەرسـامبوونی مێرمنـداڵان و گەنجانـە بـەو کەسـانەی کـە کاری وا دەکـەن و دووبـارەی دەکەنـەوە، بەشێکیشـی تەعبیـرە لـە کپبوونـی کەسـەکە لـەو بابەتـەی کـە گوزارشـتی لـێ دەکات، کـە دەنگـی بـە شـوێنی خـۆی نـاگات و بـە شـێوەیەکی دیکـە دەیـەوێ بیگەیەنـێ، ئـەو دیاردەیـەش هەروەکـو ئـەو نووسـینانەیە کـە لەسـەر دیـواری قوتابخانـەکان، یـان ئاودەسـتی مزگەوتـەکان دەنووسـرێن، کـە تەنیـا ژینگـە پیسـکردنە بـە هەسـت و سـۆزێکی زبـڵاوی نـەك شـتێکی بـاش، چونکـە لەلایـەك ئـەوە نایاسـاییە و لەلایەکـی دیکەشـەوە رێگـە و شـێوازی باشـتر لـەو سـەردەمە بـۆ دەربڕینـەکان هەیـە، کـە مـرۆڤ دەتوانـێ بـە کاری جـوان سـەرنجی خەڵـك رابکێشـێت، نـەك بـە کاری خـراپ.

**هەر بۆ زەوقی خۆم ئەوەم نووسیوە و کەسیش بەرۆکی نەگرتووم، بڵێ ئەوەت بۆ نووسیوە؟ بە پێچەوانەوە زۆر کەس دەستخۆشیم لێ دەکەن بۆ ئەوەی لەسەر عەرەبانەکەم نووسیومە**

**ئەو جۆرە نووسینانە تەعبیر لە ناخ و هەستی خاوەنی ئۆتۆمبێلەکە دەکات، بێگومان هەندێکیان هەر بۆ خۆشییە و هەندێکیشیان تووشی دارمانی رۆحی بوون و بەشێك لە ئازاری ناخیان دەخەنەڕوو**

**ئەو دیاردەیەش هەروەکو ئەو نووسینانەیە کە لەسەر دیواری قوتابخانەکان، یان ئاودەستی مزگەوتەکان دەنووسرێن، کە تەنیا ژینگە پیسکردنە بە هەست و سۆزێکی زبڵاوی نەک شتێکی باش**



# ڕۆڵی ڕێکخراوە مەدەنییەکان NGO لە بەهێزکردن و تواناسازیی ئافرەت

بەشی دووەم

لەسەر ئاستی حکومی، کەرتی گشتی و تایبەتی و داتاکان ئەوە دەخەنەڕوو کە ئافرەتان کەمترین بەشداریی سیاسییان هەیە. ئاشکرایە لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش پیاو دەستی گرتووە بەسەر هەیکەلی دەسەڵاتدا و زاڵبوونی تەواوی پێوە دیارە، ئافرەتان لە نزمترین ئاستی بڕیاردانەدان، هەرچەندە هەندێك چاکسازی کراوە بەهۆی دانانی سیستەمی کۆتا، لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتان لە دامەزراوە سیاسییەکانی وڵاتدا لە ئاستێکی لاواز و خراپدان.

لەم ڕوانگەیەوە کەمیی ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان لە پێگەکانی بڕیاردانـدا، بووەتە تەوەری سەرەکیی زۆرێك لە ڕێکخراوە ناحکومییەکانNGOs.

ڕێکخراوەکانی NGOs لە هەرێمی کوردستان دەکرێت پۆلین بکرێت بۆ دوو گرووپ، گرووپی یەکەم بە نوێ و مۆدێرن ناو دەبردرێن واتە بە NGOs گەشەپێدان، گرووپی دووەمیش NGOs بۆ هاوکاری و خێرخوازی (CBOs).

زۆربەی ڕێکخراوەکانی NGOs تایبەت بە ئافرەتان لە گرووپی NGOs نوێ و گەشەپێدەر دادەنرێن.

لەبەر ئەوەی چەندان نموونەی بەرجەستە هەیە لەسەر ئەوەی NGOs لە هەرێمی کوردستان زۆر سەرکەوتووانە چارەسەری دۆزە کۆمەڵایەتییەکانیان کردووە و بۆ گرتنەبەری بەدواداچوونە یاساییەکان هەوڵیانداوە، هاوکات بەشدارییان کردووە لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی گشتی و ئەنجامدانی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان و چارەسەرکردنی دۆزە هەستیارەکانی کۆمەڵگە بە بەشداریی بەرفراوانی ئەندامانی خۆیان.

لێرەدا پرسیارەی ئەوە دەکرێت، ئایا کاریگەرترین ستراتیژی و پرۆگرامەکانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان بۆ بەهێزکردن و توانامەندسازیی ئافرەتان چییە؟

ڕێکخراوە مەدەنییەکان NGO پشتبەستوون بە سێ ستراتیژی و پرۆگرام کە ئەوانیش: نەهجی لەسەرەوە بۆ خوارەوە، هاوبەشیکردن، لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە.

ئەم لێکۆڵینەوە بە دوای ئەو ستراتیژی و نەهجەدا دەگەڕێت، کە لەلایەن ڕێکخراوە مەدەنییەکان NGO بۆ بەهێزکردن و توانامەندسازیی ئافرەتان بەکار هاتووە.

بنەمای نەهجی لە سەرەوە بۆ خوارەوە، سەرەکیترین چالاکی بۆ پرۆگرامی گەشەپێدانی کۆمەڵ لەلایەن حکومەت، یان دەسەڵاتەوە ئەنجام دەدرێت. جەخت لەسەر پراکتیککردنی پلانسازیی ناوەندی دەکاتەوە. گەشەپێدانی بەرنامەی کاری دەزگاکان بۆ ئەوەیە کە بزانن چۆن دەستکەوتیان هەبێت. کۆمەڵ لەمجۆرە نەهجەدا کۆنترۆڵی ئەوەیان نییە کە چییان بەسەردا دێت.

لە نەهج، یان ستراتیژیی هاوبەشیکردن، ڕێکخراوەکانی گەشەپێدان دەگەڕێن بە دوای تێگەیشتن بۆ کێشە ناوخۆیی و ڕەوشەکان. بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کومەڵەکە بڕیار و پلانەکان پێکەوە دادەنێن. هەر دوو کۆمەڵ و دەزگاکە بەشداری دەکەن بەو سەرچاوانەی کە بۆ چالاکیی گەشەپێدان پێویستن.

ستراتیژی لە خوارەوە بۆ سەروە گرنگی دەدات بە بەشداریکردنی کۆمەڵ و بزووتنەوە جەماوەرییەکان و بڕیاردانە ناوخۆییەکان.



ئیراد منوچر سان ئەحمەد

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی

نەهجی لە خوارەوە بۆ سەرەوە، وەك ئاماژەپێدەری (indicator) لە بواری بنیادنانی وشیارییە، کۆمەڵەکە خۆیان وشیارن لە گرفتەکان و لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بۆ سوودی کۆمەڵەکە و کۆمەڵگەی ناوخۆیی بەشداری دەکەن. هەروەك (فۆوجۆن) لە ساڵی ٢٠٠١ باسی کردووە، سەرکەوتنی ئافرەتان بۆ یەکسانی و توانامەندسازییان زۆر پشت دەبەستێت بە ئاستی وشیارییان لە مەودای ئەو جیاکارییەی کە پێوەی دەناڵێنن وەك گرووپێك. سەبارەت بەو بابەتە ئەم لێکۆڵینەوە هەوڵدەدات لە ئەگەری بوونی بەڵگە جیاوازە گرنگەکان لە نێوان ستراتیژییەکان و ڕێگە بەکارهاتووەکان لەلایەن NGO s و توانامەندسازیی ئافرەتان.

زۆرێك لە سەرچاوە چاپەمەنییە دۆکیۆمێنت کراوەکان، ئاماژە دەکەن بۆ توانامەندسازیی ئافرەتان کە بنەماکەی پرۆسەی لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە، زیاتر لەوەی دابنرێت لە ستراتیژی لە سەرەوە بۆ خوارەوە، هەروەها بابەت و بڵاوکراوەی زۆر لەسەر ڕۆڵی NGOs لە بەهێزکردن و تواناسازیی ئافرەتان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کەمترین مشتومڕ هەیە کە پەیوەست بێت بە نەهج و ستراتیژییەکانی NGOs (لە سەرەوە بۆ خوارەوە)، هاوبەشیکردن و لە خوارەوە بۆ سەرەوە) و تواناسازیی ئافرەتان.

هەرچەندە زۆرێك لە تیۆرییەکان و دۆکیۆمێنتەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە ڕێگەی لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەبێتە هۆی توانامەندسازیی ئافرەتان، بەڵام پرسیار دەکرێت: ئایا ئەمە گونجاوە بۆ هەرێمی کوردستان؟ ئەم لێکۆڵینەوەیە ئامانجی ئەوەیە کە بزانیت چ نەهجێك زۆرترین کاریگەری لەسەر بەهێزکردن و توانامەندسازیی ئافرەتان هەیە، بە مانایەکی دیکە ئایا چ نەهج و ستراتیژییەتێکی NGO زۆرترین کاریگەری لەسەر ئافرەتان هەیە؟

ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ زانینی ئاستی بەهێزبوون و توانامەندسازیی ئافرەتان و دیاریکردنی نەهج و ستراتیژییەکانی NGOs کە زۆرترین کاریگەری هەیە لەسەر بەهێزکردن و توانامەندسازییان هەیە و گونجاوە.

**بنەمای تیۆری**

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ناتوانرێت ڕۆڵی ئافرەتان لە لێکۆڵینەوەکانی گەشەپێدان فەرامۆش بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە ژمارەیەکی زۆر تیۆر هەن، کە جەخت لەسەر بەرفراوانکردنی ڕۆڵی ئافرەت لە ناو کۆمەڵگەدا دەکەنەوە. گرنگترینیان لەو تیۆرانە:

١- ڕۆڵی ئافرەتان لە گەشەپێداندا Women in (Development- - (WID

٢-ئافرەت و گەشەپیدان - --Women and De (velopment (WAD

٣-جێندەر و گەشەپێدان--Gender and Devel (opment (GAD

لەم لێکۆڵینەوەیەدا گرنگی بە ستراتیژی جێندەر و گەشەپێدان (GAD) دەدرێت، چونکە ئەم نەهجە لەگەڵ ئامانجی لێکۆڵینەوەکە گونجاوە.

لە ساڵانی هەشتاکاندا پرۆگرامی جێندەر و گەشەپێدان سەری هەڵدا و جەختی دەکردەوە لەسەر باشترکردنی پێگەی ئافرەتان و لەسەر دۆزی جێندەر زۆر تەرکیز دەکاتەوە.